# مادده هۆشبەرەکان هەڕەشە لە داهاتووی گەنجان دەکات



ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان هەوڵێکی هەمەچەشن دراوە بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك پێشگیری لە ئالوودەبوونی هاووڵاتیان بە مادده هۆشبەرەکان بکرێ و حکومەتیش لەو بوارەدا بێ پلان نەبووە، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە بەرنگاربوونەوەی ئەو حاڵەتانەدا جێ پەنجەی دیارە، بەڵام لە ئێستادا ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی ئالوودەبوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان لە بەرزبوونەوەدایە، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانەش نەبنە دیاردەو داهاتووی گەنجان ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە نەکاتەوە، دەبێت ڕێکارگەلێکی جددی و بەپەلە بگیرێتەبەر هەتا گەنجی خۆمان لەو پەتا ترسناکە دوور بخەینەوە کە لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ کوردستان هەنارده دەکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان سەبارەت بە هەمان پرس ڕاوسەرنجی تایبەت بە خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە زۆر وشیارانە و بەردەوام سەرقاڵی بەرنگاربوونەوەی حاڵەتەکانی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرن، خۆشبەختانە چالاکییەکانیان وای کردووە، ئەو حاڵەتانە نەبنە دیاردە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستگیرکردنی باندی بازرگانیکردن بە مادده سڕکەرەکان و ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بەتایبەتی لەلایەن گەنجانەوە لە بەرزبوونەوەدایە، ئەوەش بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر داهاتووی گەنجان دادەنرێت.

هەرێمی کوردستان دراوسێی ئێرانە کە ساڵانە تیایدا زۆرترین ماددەی هۆشبەر بەکاردێت و بازرگانیکردن و بەقاچاخبردنی ماددەی هۆشبەر تیایدا بەرزە. ئێران سنوورێکی درێژی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە و بۆیەش هەرێمی کوردستان دەبێت زۆر وریا بێت لە هاتنەژوورەوەی ئەو مادده مەترسیدارە کە بە «ئەنفالی سپی» ناسراوەو بە یاسا قەدەغەیە و ژیانی ئالوودەبووانی بە تەواوی دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە چالاکانی مەدەنی و توێژی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە داوا لە حکومەت دەکەن، بە پەلە هەوڵی بنبڕکردنی بدرێت.

بە گوێرەی ئامارەکانی ئێران ٧٥٪ی تریاکی جیهان، ٦١٪ی مۆرفینی جیهان و ١٧٪ی هێرۆیینی جیهان لە ئێران دەستی بەسەردا دەگیرێت، ئەوەش هێمایەکە بۆ ئەوەی لە ئێران ڕێژەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر زۆر بەرزە و هەوڵی گواستنەوەشی لە ڕێگای وڵاتە دراوسێکانەوە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان دەدرێت.

لە ئێران ژمارەی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان دەگاتە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس و ژمارەیەکی زۆریشی بە ڕێژەیەکی کەمتر ئالوودەی ماددەی هۆشبەرن.

بەپێی ڕاپۆرتی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران لە ریزبەندی دووەمی وڵاتاندا دێت لەسەر ئاستی جیهان وڵاتانەدا لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کە بە ڕێژەی لەسەدا ١٥ی بەکارهێنان لەسەر ئاستی جیهان و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئێران بە گەورەترین کێشە لەو وڵاتەدا دادەنرێت.

ساڵی ١٩٨٧ لە پایتەختی نەمسا (ڤیەننا) کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ڕێکخرا، تێیدا بڕیاردرا ڕۆژی ٦/٢٦ ی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دیاری بکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە ساڵانە لەم



ڕۆژەدا چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێن، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسیی مادده هۆشبەرەکان زیاتر دەبێت.

ئاسایشی سلێمانی ئاشکرای دەکات: «ئەوانەی ئالوودەی ماددەهۆشبەرەکانن، زیاتر گەنجانن و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ بازرگانی مادده هۆشبەرەکان دەستگیر کراون.

بەڕێوەبەری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «داتاکان دڵخۆشکەر نین، لەبەرئەوەی ئێستا خانمان و نەوجەوانانی خوار تەمەن ١٨ساڵیشی تێکەوتووە». وەك دوائامارى بەردەستیشیان لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئێستا زیاتر لە ١٠ هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستاندا هەن، باندەکانی بازرگانیکردنیش ڕوو لە زیادبوونن کە بەشی زۆریان ئێران سەرچاوەی مامەڵەکەیانە».

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە ساڵی ڕابردوو (٢٠١٨) ٩٤١ کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەر گیراون کە بە هەموویان ٤١٥ کیلۆگرام (تریاك، هێرۆیین، کریستاڵ، حەشیش و ماریجوانا)یان پێ بووە.

مادده هۆشبەرەکان ئێستا لە دنیادا هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و زۆرکات بە تیرۆر و ناودەبرێن، لە هەرێمی کوردستانیش بە تەنانەت ئەنفالی سپی ناسراوە.

تاوەکو چەند ساڵی ڕابردوو گیرۆدەبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو بە حاڵەت سەیردەکرا، بەڵام ئێستا ئاسایش و پۆلیس ئاماژە بەوە دەکەن بەرەو دیاردە هەنگاو دەنێت.

زیا بەتروس سەرۆکی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، لەبارەی هەڵکشانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و هۆکارەکان و چۆنیەتی ڕێگریکردن و چارەسەری هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان وایە کە هاوسنوورە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین ئاڵوگۆڕی مادده هۆشبەرەکانیان تێدا دەکرێ، بەتایبەتیش لەدوای ساڵی ٢٠٠٣و لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی سنوورەکان و باشبوونی پەیوەندی نێوان عێراق و هەرێم و وڵاتانی دراوسێ زیاتر دەرگا کرایەوە بەسەر بازرگانیکردن و ئاڵوگۆڕکردن بە مادده هۆشبەرەکان، بەوەش ڕێگە خۆش بوو بۆ ئەوەی زیاتر گەنجان تووشی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ببن، بەتایبەت ئەو ناوچانەی لە

**ساڵی ١٩٨٧ لە پایتەختی نەمسا (ڤیێنا) کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ڕێکخرا، تێیدا بڕیاردرا ڕۆژی ٢٦/٦/ هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دیاری بکرێت**

**ئاسایشی سلێمانی ئاشکرای دەکات: «ئەوانەی ئالوودەی ماددەهۆشبەرەکانن، زیاتر گەنجانن و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ بازرگانی مادده هۆشبەرەکان دەستگیر کراون**

**زیاتر لە ١٠ هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستاندا هەن، باندەکانی بازرگانیکردنیش ڕوو لە زیادبوونن کە بەشی زۆریان ئێران سەرچاوەی مامەڵەکەیانە**

سنوورەکان نزیك بوون. هۆکارێکی هەڵکشانی ئەو تاوانەشی بە «ڕەهەندی نێودەوڵەتی»یەوە گرێ دا و گوتی: «لە ئیستادا ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی هەموو وڵاتان بۆتە مەترسی و گرووپی بەهێزی مافیایی سەرپەرشتی و ئاڵوگۆڕ و بازرگانی پێوە دەکەن.» هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانیشی لەهەرێمی کوردستاندا گەڕاندەوە بۆ «نەبوونی یاسای پتەو و چاودێریی ورد و ئامێری پیشکەوتووی پشکنین بۆ دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکان، ئەوە جگە لەوەی بازرگانەکان لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو ئاسانکارییان بۆ دەکرێ.» گوتیشی: «بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێ لە زیاتر هەڵکشانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ئێمە لە دەستەی مافی مرۆڤ پیشتریش وتوومانە پێویستە ئەم ڕێکارانە ئەنجام بدرێن:

١_ توندوتۆڵکردنی بازگەکانی پشکنین.

٢_ دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

٣_ کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان بۆ ئەوانەی بەکارهێنەرن، وەك شیاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە و جیاکردنەوەیان لەگەڵ بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان.

٤_ دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و توندکردنی سزای بازرگان و جیاکردنەوەی لە ئالوودەبووان.

٥_ کردنەوەی خولی زیاتر بۆ گەنجان و خستنەڕووی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان.

٦_ ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر مەترسیی مادده هۆشبەرەکان.

٧_ مامۆستایانی ئایینی لە وتارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەکانیان پێویستە زیاتر گرنگی بە مەترسیی مادده هۆشبەرەکان بدەن.»

چالاکی مافناس عیماد ئەحمەد، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە: «مادده هۆشبەرەکان ئەو دەردە کوشندەیە کە لەسەرجەم وڵاتانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن و زۆرجاریش بە (نەخۆشیی سەردەم) ناسراوە. لەساڵی ١٩٩٢ ڕۆژی ٦/٢٦ وەك ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ناسێندراوە، بەڵام بەداخەوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەکارهێنان و فرۆشتن و ئالوودەبوونی ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە لەوانە: بێکاری، لاوازیی پەروەردەی خێزان، کەمکاریی حکومەت و میدیاکان و مامۆستایانی ئایینی و چەندین هۆکاری دیکە وای کردووە ڕێژەی بەکارهێنەران و ئالوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر ڕوو لە زیادبوون بکات.» گوتیشی: «بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارامە بەرەنگاریی ماددەی هۆشبەر ببینەوە، پێویستە حکومەت و دامودەزگا ئەمنییەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و ڕاگەیاندنەکان و مامۆستایانی ئایینی زیاتر بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و کاری جددی لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاك لەو بوارەدا بکەن.» گوتیشی: «سێ قۆناغی گرنگ لەو بوارەدا هەن، یەکەم: قۆناغی پێش تووشبوون و ئالودەبوون، پێویستە لەم قۆناغە گەنجان لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و لە ناو خێزانەکان هۆشیار بکرێنەوە. قۆناغی دووەم کاتێك کەسەکە تووشی بەکارهێنانی ماددەکە دەبێت، قۆناغی سێیەم قۆناغی ئالوودەبوونە کە ئەمەیان زۆر قورسە، بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە چەندین جار هەبووە کارەساتی نەخوازراو ڕوودەدات، واتە کەسی تووشبوو زیان بە خۆی دەگەیەنێت، یان زیان بە کەسی بەرامبەری دەگەیەنێت. بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کە نەخۆشخانە و سەنتەری تایبەت بە ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان دروست بکەن. بۆ ئەوەی ئەو کەسانە چاك بکرێنەوە و بگەڕێندرێنەوە ناو کۆمەڵگە. چونکە لە ڕووی یاساییەوە کاتێك کەسەکە چ بەکارهێنەر بێت، یان فرۆشیاری ماددەکە بێت، دەستگیر دەکرێن و بەنددەکرێن، ئەگەر ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لەگەڵ گیراوان و زیندانیانی دیکە کە بە تۆمەتی جیاواز بەند کراون، هاوبەندی بن، ڕەنگە هاندەر بن بۆ ئەوەی ئەوانیش دوای ئازادکردنیان ئالوودەی ماددەی هۆشبەر ببن. بۆیە پێویستە یاسای مادده هۆشبەرەکان هەموار بکرێتەوە و بەندکراوانی ماددەی هۆشبەر لە بەندکراوانی دیکە جیا بکرێنەوە.

د. سالار تاوەگۆزی مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە هۆکارەکانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دەڵێت: «بێگومان سەرهەڵدانی هەر دیاردە یان حاڵەتێك لەکۆمەڵگەدا، هۆکاری خودی و بابەتی هەیە. ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانیش لەهەرێمی کوردستان جاریێ بەڕای من وەك حاڵەتێك هەیە و هێشتا نەبووەتە دیاردە. من خۆم لەنزیکەوەیە کەسێکی ئاڵوودەبووم دواندووە، کەئێستا وازی هێناوە، باسی ئەوەی دەکرد سەرەتا لە لاسایی کردنەوەی هاوڕێکانیەوە لەدەرەوەی هەرێمی کورستان فێری بووە. لەقسەکانی ئەم کەسەدا دوو هۆکارمان بۆ دەردەکەوێت کە پسپۆڕانیش باسیان کردووە، ئەویش



لاساییکردنەوەو کەمتەرخەمی بەئەنقەستی دەوڵەتێکە لەڕووبەوو بوونەوەی بازرگانیکردن و ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر».

هەروەها گوتی: «دوو هۆکاری دیکە هەن کە پسپۆڕان باسیان کردووەو پێموایە لە هەرێمی کوردستانیش کاریگەرییان لەسەر حاڵەتەکە هەیە، ئەوانیش بوونی بۆشایی و کێشەو قەیرانە لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئێستا دەبێت ئێمە چی بکەین؟ بەبۆچوونی من پێویستە جارێ هۆشیاریەکی باش لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بڵاو بکرێتەوە، پاشان کارئاسانی بکرێت تا توێژەرانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەدیاردەکە بکەن، بەتایبەتی لەگرتووخانەکاندا. هاوکات پێویستە حکومەت بەئاراستەی کەمکردنەوەی کێشەکان و ڕەخساندنی هەلی کار هەنگاوی کردەیی بنێت. ئەمە جگە لەگۆڕینی شێوازی مامەڵە لەگەڵ توشبووان لەکەسێکی تاوانبارەوە بۆ کەسێکی نەخۆش کەپێویستی بە چارەسەر هەیە».

ئازاد کەریم قوتابیی زانکۆیە و وەك گەنجێك لە بارەی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دەڵێت: «لە ئێستادا لەلایەن هەندێك لە وڵاتانەوە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کورستان دەدرێت و بەمەبەست ماددەی هۆشبەر ئاودیوی کوردستان دەکەن، ئەمەش پێویستی بە چاوکراوەیی زیاتری هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و هاوکاریی هاووڵاتییان هەیە، هەتا بەسەر ئەو پیلانەدا زاڵ بین.»

گوتیشی: «نەبوونی خولی ڕۆشنبیری و هۆشدارنەکردنی تاکی کۆمەڵگە لەسەر مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ماددە هوشبەرەکان لە پەروەردە و میدیاکان و لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی گەنج بکەوێتە داوی ماددەهۆشبەرەکان کە ماددەیەکی ترسناك و کوشەندەیە. بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکان بە بینراو و بیستراو بەردەوام لەسەر کوشندەیی ماددە هۆشبەرەکان بەرنامە تایبەتیان هەبێت و لەو بوارەدا هەوڵی وشیارکردنەوەی تاك بدەن.»

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ئاخافتنێکیدا پێشتر ئەوەی بۆ گوڵان خستووەتەڕوو کە هەرێمی کوردستان سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەو ئێرانیش سنوورێکی گەورەو بەرێنی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە، کە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری ماددەی هۆشبەرە لە جیهان، ئەوەشی بە هۆکارێك زانی بۆ ئەوەی دوای کرانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی دوای دامەزرانی هێڵی ئاسمانی و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، قاچاخچیانی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆرو شێوازەکان هەوڵی هاوردەوهەناردەکردنی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بدەن. ئەوەشی بە زەنگێکی خەتەر و پڕ مەترسیدار ناوبرد. باسی ئەوەشی کرد کە «بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی عێراقی کە ساڵی ١٩٦٥ دەرچووەو لە ١٩٦٨ هەموار کراوەتەوە، لە سێ ساڵ تا هەتاهەتایی سزا دەدرێن و ئەوەشی کە بەکاری دەهێنێت، سزاکەی لە شەش مانگ تاوەکو سێ ساڵ دەبێت.»

**بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە ساڵی ڕابردوو (٢٠١٨) ٩٤١ کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەر گیراون کە بە هەموویان ٤١٥ کیلۆگرام (تریاك، هیرۆین، کریستاڵ، حەشیش و ماریجوانا) یان پێ بووە**

**پێویستە ئەنجومەنی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان پێکبێت و سەنتەری ڕاهێنان بۆ ئەوانەی بەکارهێنەرن، وەک شیاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە و جیاکردنەوەیان لەگەڵ بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان**

**مامۆستایانی ئایینی لە وتارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەکانیان پێویستە زیاتر گرنگی بە مەترسیی ماددە هۆشبەرەکان بدەن**

# لەساڵوەگەڕی قەدەغەکردنی کاری منداڵاندا

## داوا دەکرێت ئاوڕی جددی لە منداڵانی بەرکار بدرێتەوە



**پەروەردە و وەبەرهێنان یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی گەشەسەندنی هەر وڵاتێك و لە کویێ وەك پێویست بایەخی پێ نەدرێ و پلانی بۆ دانەنرێ، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە تووشی دەیان نەهامەتی دەکاتەوە. ئەگەرچی دیاردەی منداڵانی سەر شەقام و کارکردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری بۆ لەخۆگرتنی پتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ دەگەڕێتەوە، بەڵام منداڵانی سەر شەقام کە لە زێدی خۆیانن و خەڵکی باشووری کوردستانن، بەتایبەتی لەکاتی پشووی هاوینەدا ژمارەیان کەم نییە، ئەوەش داهاتووی ئەو منداڵانە ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. بۆیە بە پێویست دەزانرێ حکومەت و خێزان پێکەوە بەرچاوڕوونی بۆ ئەو نەوەیە دروست بکەن، هەتا بە شێوەیەکی تەندروست و زانستی لە ڕەوتی گەشەکردندا، خاوەنی خەون و ئاوات و ئامانج بن و بتوانن لە داهێنان و وەبەرهێناندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێ. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان دید و سەنجی خۆیان و ڕێکارگەلێك دەخەنەڕوو، کە دەکرێ تاك و خێزان و حکومەتیش ئاوڕی جددی لێ بدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ڕێکخراوی هاوکاریکردنی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی کارکردن بە منداڵان کە دەکەوێتە بەرواری ١٢ی حوزەیرانەوە، ڕاپۆرتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە و بەپێی زانیارییەکانی ئەو ڕاپۆرتە، لە سەرانسەری جیهاندا لە هەر ١٠ منداڵ یەکێکیان کاردەکات و ڕێژەی کارکردنی منداڵانیش لە کیشوەرەکانی ئەفریقا و ئاسیادا زۆر زیاترە بەراورد بە کیشوەرەکانی دیکە.

نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن منداڵ لە جیهاندا کاردەکەن کە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن منداڵیان لەژێر مەرجی قورسدا کاردەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانە یەك ملیۆن منداڵ دەبنە قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و هەندێك جار بۆ مەبەستی خراپ تواناکانیان بەکار دەهێنرێت. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا داوا لە وڵاتان کراوە، هەموو توانایەکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی چالاکانە بەرەنگاری کارکردن بە منداڵان ببنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی فریاکەوتنی منداڵانی جیهان لە ١٧٢ وڵاتدا منداڵان بەبێ هەستی منداڵی ژیان دەگوزەرێنن و ناچاردەکرێن بە هاوسەرگیری پێشوەخت و کارکردن و نەهێشتنەوەی دەرفەتێك بۆ یاری و ڕاهێنان و هەستکردن بە منداڵی خۆیان.

کریستیان شنایدەر بەڕێوەبەری بەشی ئەڵمانیای ڕێکخراوی یونسێف ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە تەنیا یاسای قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی چالاکانە بەرەنگاری دیاردەی کارکردن بە منداڵان ببنەوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی چالاکانە منداڵان لە بە زۆر کارپێکردنیان و خراپ بەکارهێنانیان بپارێزدرێن،پێویستە کار بکرێت بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەو منداڵانە و خانەوادەکانیان و گرنگیی زیاتر بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن بدرێت و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموان دابین بکرێت.»

هاوکات بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ١٢ هەزار منداڵن، لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٠١بۆ چاودێریی مێرمنداڵان لە خوار تەمەنی نەوجەوانی، هاوکات یاسای ژمارە ١١ی هەمان ساڵ تێیدا نەفەقەی منداڵان و دابینکردنی خەرجیان تا تەمەنی دیاریکراو بەسەر

**نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن منداڵ لە جیهاندا کاردەکەن کە زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن منداڵیان لە ژێر مەرجی قورسدا کاردەکەن**

**ساڵانە یەک ملیۆن منداڵ دەبنە قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و هەندێک جار بۆ مەبەستی خراپ تواناکانیان بەکار دەهێنرێت**

**تەنیا یاسای قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی چالاکانە بەرەنگاری دیاردەی کارکردن بە منداڵان ببنەوە**

خێزانەکانیاندا فەرز دەکات. هاوکات لە ماددەی دووی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ئاماژە بەوە کراوە کە نابێت منداڵ ناچاربکرێت بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن

د. نادیە تەلعەت سەعید، مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی ئاداب و سەرەتا بەمجۆرە پێناسەی منداڵ دەکات: «منداڵ، زاراوەییێکە بەکاردێت بۆ ناساندنی مروڤ لە رۆژی لەدایکبوونی تا قۆناغی پێگەیشتن.» منداڵ و مێرمنداڵ واتە ئەو نەوەی لەژێر تەمەنی تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) ـن، بە نەوەی دوارۆژ ناسراون، پەروەردەی دروست و زانستیی ئەو نەوەیەش بە گرنگترین پێوەری پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێت. هەر ئەو نەوەیەش واتە منداڵان بە هەرەمی دانیشتووانی هەر وڵاتێك دێنەهەژمار و کاریگەریی پۆزەتیڤ و گەورەیان لە سەر داهاتووی وڵات هەیە.

د. نادیە تەلعەت دیاردەی کارپێکردنی منداڵان بە دیاردەیەکی «مشەخۆری» لە قەڵەم دەدات و هاوکات دەڵێت: «ئەنجامدانی کاری قورس لەگەڵ تەمەن و تواناکانی مێشك و دەروون و جەستەی منداڵ ناگونجێت، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە بەرامبەر دەستکەوتنی بڕە پارەیەکی زۆر کەم دەخرێنە بەر کاری قورس و هیچ حیسابێك بۆ داهاتوویان ناکرێت.» هۆکارەکەشی زیاتر بۆ «کەمیی داهات و هەژاریی خێزان، شڵەژانی باری سیاسی و ئابووریی وڵات و شەڕ و ئاژاوە و ئاوارەیی» گەڕاندەوە. رووی نەرێنی کارپێکردنی منداڵانیشی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان کرد. یەکەم: بێبەشبوونی منداڵ لە مافی خوێندن و پەروەردە. دووەم: تێکدان و ئاڵۆزکردنی باری جەستەیی و دەرونیی منداڵ. سێیەم: بێبەشبوونی منداڵی بەرکار لە خۆشگوزەرانی. چوارەم تووشبوونی بە چەندین خووی خراپ و نەخوازراو وەك بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و جگەرە و ...هتد. پێنجەم: تاکە ئامانجی منداڵی کارکەر تەنیا پەیداکردنی پارە دەبێت، ئەمەش هاندەر دەبێت هەتا پەنا بۆ هەر شێوەیەکی پارەپەیداکردن ببات. شەشەم: منداڵی بەرکار هەستی ئەوەی لا دروست دەبێت، کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەری هەیە کە تووشی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی کردووە، بۆیە کەسایەتییەکی شەڕانگێز و ئاژاوەچی لێ دەردەچێت.» گوتیشی: «تەمەنی منداڵی زۆر هەستیارە بۆیە ئەرکی خێزان و حکومەتە کە گشت پێداویستییەکانی و بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و خوێندن و خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ دابین بکەن. چونکە منداڵ بە هێز و بازووی ئێستا و ئایندەی وڵات دادەنرێت.»

فازل عومەر توێژەری کۆمەڵایەتییە و هێما بۆ ئەوە دەکات: «نەتەوە یەکگرتووەکان لە رۆژی ١٩٨٩/١١/٢٠ جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانی راگەیاندووە، کە لە (٥٤بەند) پێکهاتووە و بە مەبەستی بەدیهێنانی ماف و خواست و ئارەزووە رەواکانی منداڵان و پاراستنیان لە هەموو جۆرە پێشێلکاری و جەور و ستەمێك بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم رێککەوتنامەیە لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیا پێشێل کراوە و کاری پێ ناکرێت، بێگومان کارکردن، یان کارپێکردنی منداڵانیش بە دەرچوون لەو رێککەوتننامەیە و پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان ئەژمار دەکرێت، چونکە ئەو کەسەی کە لە خوار تەمەنی (١٨ساڵە) دەبێت لە نێو پرۆسەی فراوانی پەروەردە و فێرکردندا بێت، نەك بخرێتە ژێر باری قورسی پەیداکردنی بژێوی و ئەرکێك بخرێتە ئەستۆی کە ئەرکی ئەو نییە. لە ئێستادا جیهان لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەدایە، چونکە رێژەی ئەو منداڵانەی کاریان پێ دەکرێت، لە سەرووی و ٢٥٠ ملیۆن منداڵن، زیادبوون و هەڵکشانی ئەم دیاردەیەش وایکرد رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر پرسی جیهانی کارکردنی منداڵان و جەختی لەسەر هەنگاوی پێویست بۆ سڕینەوەی ئەو دیاردەیە کردەوە، بۆیە لە ٦/١٢ هەموو ساڵێك لەچوارچێوەی وتار و چالاکی و نوسین و کۆڕ و کۆبوونەوەدا ئەم بابەتە دەخرێتە بەرباس و هەوڵدەدرێت بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی.» گوتیشی: «مەبەست لە کاری منداڵان، بەشدارکردنی منداڵانە لەو چالاکییەکە ئابوورییانە کە رێگە لە خوێندن، پەروەردە و بارهێنانی منداڵ و گەشەی تاکی و کۆمەڵایەتییان دەگرن. بەدڵنیاییەوە کارکردنی منداڵ بەخواستی خۆی یان کارپێکردنی بەزۆر کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر باری دەروونی و پرۆسەی بونیادنانی کەسێتی و ئایندەی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە دەبێت، چونکە ئەو تەمەنەی دیاریکراوە و پێی دەگوترێت قۆناغی منداڵی پێویستە منداڵ لە پرۆسەی ئامادەکردندا بێت، ئامادەکردن بەمانای پەروەردە و فێرکردن، کاتێك منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەخرێتە بەرکار، ئەوە بە مانای گۆڕینی ژینگەی ئەو منداڵە دێت، هەر دەستکارییەکی ژینگەی منداڵ، لە روانگەی زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بە مانای

گۆڕینی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە و گۆڕینی تەمەنی ئەو منداڵە دێت، تێکەڵبوونی منداڵ بەتەمەنێکی کەمەوە بە بازاڕی کار دەبێتە مایەی دروستبوونی فشار لەسەر لایەنی دەروونی و ڕەنگە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕووبەڕووی تەحەدییات و دەستدرێژیی زۆر ببێتەوە، ئەمە نەك بە تەنیا زیان بە کەسایەتیی خودی ئەو منداڵە و ئایندەی دەگەیەنێت، بەڵکو زیان بە کۆمەڵگەش دەگەیەنێت، هەر منداڵێك کاردەکات، یان کاری پێ دەکرێت، ناچار دەبێت قۆناغێك لە تەمەنی خۆی گەورەتر بژی، ئەمەش هەم لە ڕووی دەروونی و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئایندەی کەسێتی ئەو منداڵە دەخاتە بەردەم مەترسی و داهاتووی نادیار دەبێت.»

سالار برادۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەلیفانی سیدەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و وڵاتێکی ئارام، خۆی لە پێگەیاندنی نەوەیەکی باش و منداڵێکی پەروەردەکراو دەبینێتەوە، کە دووربێت لەهەر تەنگ و چەڵەمە و توندوتیژییەك بەتایبەت لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا، ئەمڕۆ کە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی کارپێکردنی منداڵانە، و لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە هەم بە ئاشکرا و هەم بە نهێنی و بە زۆر منداڵ دەدرێتە بەر کارکردن، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ پرەنسیپێکی یاسای تایبەت بە منداڵان بدرێت، بەداخەوە کارکردنی منداڵیش بۆتە دیاردەیەکی باو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە عێراقیش ئەندامە لەو ڕێکخراوە، هەروەها ڕێکخراوی یونسێف دروست بووە بۆ نەهێشتنی کارکردن بە منداڵ، بەڵام بەگشتی ئەو ڕێکخراوانەش نەبوونەتە مایەی سەبرو ئارامی بۆ منداڵانی عێراق و هەرێمی کوردستان.» گوتیشی: «کارکردن بە منداڵان کارسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت و حاڵەتێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگە، وەك دیارە منداڵ قوربانیی یەکەمە لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. لە لایەکی دیکەوە کارکردنی منداڵ دژی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە، کەچی بە ڕێژەیەکی نزیك لە ٢٥٠ ملیۆن منداڵ تووشی کارکردن کراون، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بۆ ئەو منداڵانە هەیە. هەرێمی کوردستانیش لەو بوارەدا پشکی خۆی بەرکەوتووە. هۆکارەکانیشی بە کورتی بریتین لە: هەژاری و قەیرانی دارایی، بەتایبەت لەم ساڵانەی پێشوو کە وای لێهات منداڵ پەنا بۆ کارکردن ببات، تەنانەت لە خوار تەمەنی (١٥) ساڵیشی تێدابووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو خێزان و منداڵانەی کە ئاوارەبوون و ڕوویان لە کوردستان کردووە، ئەوەش وای کردووە پەنا بۆ کارکردن ببەن. حاڵەتێکی تر ئەوەیە منداڵ بێ سەرپەرشتیارە و چاودێری خێزانی لەسەر نییە، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە لێکترازان و جیابوونەوەی دایك و باوك، یان لەدەستدانی سەرپەرشتی خێزانی ئەم منداڵانەوە هەیە.» ئەو مامۆستایە جەختی لەوەش کردەوە کە « منداڵانی بەرکار تووشی دەیان زیان و گیروگرفت دەبنەوە، بەتایبەت لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، وەکوو بێبەشبوون لەخوێندن، زامداربوونی جەستە، لەدەستدانی کێشی لەش و ماندووبونێکی زۆر، هەروەها فێری جنێودان و ڕەفتاری نەشیاو دەبن و ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و سێکسی دەبنەوە، هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ و تێکچوونی خەویان بۆ دروست دەبێت و بە هۆی گەرما و سەرماوە تووشی چەندین نەخۆشی دەبن. گوتیشی: «داواکارم لە حوکمەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکان هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ و کۆتایی بە دیاردەی کارپێکردنی منداڵ بێنن، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش پێویستە وەك چاکسازییەك ئاوڕێك لە منداڵان بدەنەوە و بەهانایانەوە بچن، بۆ ئەوەی چیتر نەبنە قوربانی و ژیانیان پارێزراو بێت.»

لە وڵاتانی ئەورووپی منداڵان لەسەر کاری خێرخوازی و هاوکاری پەروەردە دەکرێن.، کەواتە منداڵیش دەتوانێ کاربکات، بەڵام کارێك کە لەگەڵ تەمەن و توانای جەستەیدا بگونجێ. بۆیە ئەرکی پەروەردەیە خولی جۆراوجۆر بۆ منداڵان بکاتەوە و لانیکەم هۆشیاریان بکاتەوە و چالاکی سازبدات و ڕۆحی خێرخوازی لە ناخیان گەورە بکات، هەروەها دەتوانرێت منداڵان فێری دروستکردنی کاڵایەك بکەن و دواتر بیانفرۆشن لە ڕێگەی کردنەوەی پیشانگا، ئەمەش وەك بنەمایەکە بو فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی کەسایەتی بەرهەمهێن بن.»

ڕێکخراوی یونیسێف (unicef)ی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی دوایین پێناسەیان کە لە ساڵی ١٩٨٦ دانراوە، بەمجۆرە باسی منداڵانی سەر شەقامی کردووە: «منداڵی شەقام (چ نێر، چ مێ)، ئەو منداڵەیە کە شەقام و ناوبازاڕی کردۆتە شوێنی حەوانەوە و ژیانی، بە بێ ئەوەی مەرجەکانی چاودێری، بەرگری، سەرپەرشتی کەسانی لەخۆ گەورەتریان هەبێت و لە بەرپرسیارێتی و چاودێرییەوە دوورن.»

**بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ١٢ هەزار منداڵن**

**منداڵان بە هەرمی دانیشتووانی هەر وڵاتێک دێنەهەژمار و کاریگەریی پۆزەتیڤ و گەورەیان لە سەر داهاتووی وڵات هەیە**

**ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە بەرامبەر دەستکەوتنی بڕە پارەیەکی زۆر کەم دەخرێنە بەر کاری قورس و هیچ حیسابێک بۆ داهاتوویان ناکرێت**